ئانتانیو گرامشی و فەلسەفەی پراکتیک.. هەوڵەکەی بیەوە: یاسین لەتیف

گرامشی مارکسیزمک پشنیار دکات و ناوی دنت "فلسفەی پراکتیک" . ئم فلسفەیە جۆرێک نیە لە پراگماتیزم، بکو شوازکە لە بیرکردنوە کە کشە تیریکان بە مژووی دکات. بم شویە جیاوازی دکات لە نوان "ئایدەلژیای ئرگانیکی مژووی، کە پویستن بە پکهاتیکی دیاریکراو، هروها ئایدەلژیای عقانی و ئارزوومندانە کە جێی شانازیە .

١ – کار

ئانتانیو گرامشی (١٨٩١-١٩٣٧)، گرنگترین فیلسوفی مارکسیستی بوو لە ئوروپای ڕۆژاوا، لە دوای مردنی زیاتر لە چەی بڕەمکانیوە ناسراوە، کە هەمووان لەو ماویدا باوکراونتوە کە لم لکۆینوەیدا باسکراوە. ئم بڕەمانە بریتین لە سی و دوو دفتری زیندان، کە پکهاتوە لە نزیکەی سێ هزار لاپەڕەی دستنووس و (نزیکەی چوار هزار لاپەڕە لە وشانی چاپکراو)، پش مردنی لە زیندان نوسراون لە ساڵی ١٩٢٩ تا ١٩٣٥ . دوای دوور خستنوەی لە ژیانی سیاسی بە هەی زیندانی کردنیوە . گرامشی پلانکی دراسە کراوی تیری داشت و هویدا پڕەی پبدات سەرەای ئەو ئاستنگانەی کە سیستمی زیندان سپاند بووی بە سەریدا ، بە ئمش سەرسختانە خباتی کرد بە بە دستهنانی کرستەی نوسین بە پڕۆژکەی . نووسرانی میراتی گرامشی نموونەی ئم گرژییە بردوامیان کردتوە لە مانگی ئیلولی ساڵی ١٩٣٠ گرامشی فیلسوف نوسراوکی نوسی بە سەرک وزیرانی ئۆکاتی ئیتالیا و گوتی : من هشتا پانزە ساڵ زیندانی لە پشمدایە، ئمە پرسکی گرنگە بە من، بە ئۆی بزانم کام کتب بخوننمەوە . ئم بارودخە بە تنیا بسە بە ووکردنوەی زەری تبینییە پڕش و باوکان و وەرگرتنی بیروباوڕی وەتد، لە دفتەرکانی زیندانداە هرچندە توژینوە درژخایەنکانیش لخدگرت، بەام ئم فیلسوفە بپەی ئامانجکی تواوی کارکی داشت ، مبستی دیاریکردنی بوژانویکی تواو بوو بە مارکسیزم و پشخستنی ئم چمکە بە هەی پداویستی ژیانی پراکتیکی بکک و کن بووە گیشتوتە ئاستک پویست بوو دکات فریای چارسەر کردنی ئەو ئڕکە ئازانەی

بکەوێت کە پارێزەرێکی خۆباتی ئاستا دەیخاتە ڕوو . واتە بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی دروستکردنی ڕۆشنبیرێکی نوێ و یەکگرتوو. گرامشی وای دەبینێت ئەوەی ئەم پێشهاتە نوێیە جیادەکاتەوە، پێکهێنانی حزبێ کۆمۆنیستکانە بەگشتی و سەرکەوتنی شۆڕشێ لە ڕوسیا بەتایبەتی ، لەو ساتەوەختەوە چینکی ژێردەستە بە ڕاستی سەربەخۆ و باڵادەست دەبێت، ئەمش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە دەوڵەت، پەداویستی بنیاتنانی سیستەمکی نوێی فیکری و ئەخلاقی لە فۆرمکی کۆنکرێتیدا دروست دەبێت. لەم دەقەدا دەستەواژەی "چینی ژێردەستە" هاوتایە لەگەڵ دەربڕینی باوی مارکسیستی "چینی باڵادەست" و وشەی باڵادەست ، هەرچەندە ڕۆشنبیری لە جەوهەریدایە بەڵام ئاماژەیە بە تیۆری دیکتاتۆری لینینیزم و هاوپەیمانییەکانی پرۆلیتاریا.
گرامشی سانسۆری زیندانی تێپەڕاند بە دەربڕینی جۆرێک لە ئەبستکرات ، ئەویش بە ڕاست کردنەوەو دەستکاریکردنی هەندێک چەمکو گوزارەو ناوی مارکسیزم کە ئەو کات بە کاری دەهێنا . یەکێک لەو فاکتەرانەی کە لە گەڵ مەبەستە فەلسەفیەکەی گرامشی دەگونجا ، مارکسیزمی نوێ بەخت یاوەری بوو بە قەد زاراوەی ژیاری میتافیزیکی ئەرستو گرنکی هەبوو . گرامشی سوور بوو لە سەر ئەوەی کە بە هیچ شێوەیک وشەی "مارکسیزم" بەکارنەهێنێت، بەڵکو زیاتر "فەلسەفەی پراکتیکی بە کار دەهێناو دەنووسی. ئەوەی ئەو دەیویست ڕوونبوونەوەی فەلگاریزەکردنی "ابتذال" یان بەئەرزش بوونی مارکسیزم بوو لە پراکتیکدا . گرامشی لەم ئەرکەیدا ئیلهامی لە مارکسیزمەوە وەر دەگرد ، بەو مانایە نەبوو ناوەندێتی چەمکی مارکسیزم لە پراکتیکدا بسڕێتەوە ، بەڵکو قوڵترین چەمکی پەدەبخشی کە تاکو ئێستا وێنەی نەبووە لە ئەدەبیاتی فەلسەفەی مارکسیزمدا . دوور لە بناغەی پیشاندان و گوزارشت کردن بە ڕاستی گرامشی فەیلەسوفی پراکتیکی بوو .

٢ – زانست و فەلسەفەی پراکتیک

بەڵام فەیلەسوفی پراکتیک پراگماتیست نەبوو: جگە لە هەشتنەوەی بەردەوامی "لۆژیکی فەرمانی پێویست"، یەکەم کۆشەی ئاشتکردنەوەی زانست و پراکتیک بوو . بە دیاریکراوی لە ڕۆخنەی (ناوردکراوەو لە دەفتەری تێبینیکانیدا) چارسەری پراکماتیزم و پۆزەتیفیزمی بە شێوەیکی گشتی کردووە . ئەم ڕۆخنەیەی بە پلەی یەکەم دژ بە چەمکی پۆزەتیڤیستی زمانە (گرامشی وەک ئەکادیمیستێک شارەزاو پسپۆری زمانەوانی بوو)، کە تێیدا سنووردارکردنێک دەبینێت : لە ڕاستیدا زمان کەمەک ڕاستی کەم تا زۆر یەکگرتوو و تەکەمەی

ئەرگانیکە: تا ئەو ڕادەیەی دەتوانرێت بەپێی هەموو بوونەوەرێکی قسەکەر زمانی تایبەتی خۆی هەیە ، بەو مانایەی شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بە هەست و بیرکردنەوە ڕەشنووسێکی بە پلەی جەراو جەر . ژمارەیەکی زۆر یان کەم لە تاکەکان لە چەند چینێکدا یەکدەخات و بەردەوام دەبن لە گوزارشت کردن، بە پلەی جیاواز لە یەکتر تێدەگەن و ... هتد.. ئەم جیاوازییە مەزووییە کەمایەتیانە لە زمانی هاوبەشدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمانە کەسپن و هەکارەکانی هەڵەن کە پراگماتیستەکان لەکەڵینەوەیان لەسەر کردووە. بەم شێوەیە بابەتی تیۆری زمان بریتیە لە کۆرستەی زانست لە پراکتیکی مەزووداید. گرامشی هەمان کەردار لەگەڵ ئەمەدا دەکات بە پشتبەستن بەو هەوڵانەی کە لەو کاتەدا لە کۆنفرانسە زانستیەکانەوە پێدەگات . وەک ئەوەی بە شێوەیەک لەی تێنەگەیشت بێت لەو ساڵانە لە سایەی دەخی خۆیدا.
ڕگرامشی ئەو کەشانەی چارە سەر کردووە کە مایکرۆفیزیا دەیخستنە ڕوو ،لە یەکەک لە دەفتەرە تێبینیەکانیدا ئاماژەی بە دەکات و ناوی ناوە "دیاردەی بچووک" و لە فەلسەفەکەشیدا شرۆڤەی کردووە . ئلهامبەخش بوو لەم پێوەندیە بینراوەی نەوان چاودێرو دیاردە لە مایکرۆفیزیادا بە چەمکەکی نوێی بابەتگرایی ، بەم پێیە هەنگاوی هاویشت بە تەکنە کردنی زانست بە فەلسەفەی پراکتیک بە شێوەیەکی سیسماتیکانە . ئەوەی بە زانست گرنگە بابەتیەتی واقیع نییە بەڵکو ئەوەی بە مرۆڤ گرنگە پەرپێدانە بە میتۆدەکانی و بەردەوام ڕاست کردنەوەی ئامرازە مادی و لۆژیکەکانیەتی (لەوانەش بیرکاری). ئەوەی بە ئەو گرنگە کولتوورە و دواجار پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ واقیع لە ڕەگەی تەکنەلۆژیاوە. تەنانەت لە زانستیشدا گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بە دابڕان لە مرۆڤ لە پارادەکسێک زیاتر نییە . بەم شێوەیە گرامشی سەر لە نوێ تێزەکی بنەڕەتی مارکس (۱۸۱۸-۱۸۸۳) داڕشتەوە " سەبارەت بە فەلسەفەی پراکتیک .گرامشی دەنووسێت ناتوانرێت بوون لە بیرکردنەوە دابڕێت ، هەروها مرۆڤ لە سروشت، یان چالاکیی لە مادە، یان سوژە لە ئەبژە دابڕیت . ئەگەر مرۆڤ ئەم دابڕانە پراکتیزە بکات دەکەوێتە ناو ئەبستراکتێکی بەماناوە.

3. فەلسەفەی واقیعی و مەزووگرایی.

ڕفەلسەفەی پراکتیک فەلسەفەیەکی واقیعیە ، سەرتا بەو دانپێدانانە دەست پێدەکات کەهەموو مرۆڤکان فەیلەسوفن ، پاشان سنوور و تایبەتمەندییەکانی ئەم "فەلسەفە خەبەرە" لە زمان و عەقڵی ساغدا دەدەزێتەوە ،هەروەها لە تەوانینی گشتی (ئاینی، ئەفسانەیی و خورافات) و گەردووندا دەیاندەزێتەوە.دەشێت فەلسەفە ئەکادیمی بێت

بە پێی فیلەسوف ڕێنگە پێوەندی بە فەلسەفەی خۆیەوە هەبێت ، بەڵام لایەنگری هونەری تایبەتی هەیە جۆهەری ئەم لاڕێنە هونەرییە لەوەدایە کە فیلەسوفی پیشەیی درک بە مەژووی وردی ئەم کێشانە دەکات ، واتە مەژووی فەلسەفە . ئەگەر ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە فەلسەفەی خۆیەخۆ دیسان مەژوویی و گەڕاوە و هەڵکاری مەژوویی بە گەڕانکاری هەیە تەدەگەین بە مانای ڕاستەوخۆ ئاشکرا مەرەق ناتوانێت فیلەسوف بێت ، واتە تەڕوانینەکی ڕەخنەیی یەکگرتووی هەبێت بە جیهان [تەنها فیلەسوفە ناخۆیەخۆکان] بە بۆچوونی درک بە مەژوویی بوونی بکات لە ئاستی کۆنکرێتیدا، واتە لە ڕووی مەژووییەوە، () دەبێت فەلسەفە لە سیاقی پراکتیزەی (کردەی) مرۆییدا تێبگەین. گرامشی بە کورتی چەند ساتەوەختێک لە مەژووی فەلسەفە دەخاتە ڕوو کە تیایدا بیرمەندە مارزنەکان ئەو ڕێگایەیان خۆشکردووە کە مارکس کردیە ڕێنماوی سەرەکیی فیکری خۆی: قۆناغی تۆماس، کە هەشتا لەسەر ڕێچکەی یۆنانییەکان بوو، بەڵام بە جۆختکردنەوەیەکی زیاترەوە، فەری کردین کە "ئەقڵی تەواماندی فراوانخواز بە پراکتیزەی کردەیی گونجاوە". بەڵام لایبنیتز و ڤیکۆ، بە پێچەوانەی ئەوەوە، کەوتنە شوێن چالاکیی فیکر: "جادووگەڕی تەواماندیەکان چین، جادووگەڕانی پراکتیزەن" (گۆتفرید لایبنیتز (١٦٤٦ – ١٧١٦)) "ڕاستی بریتییە لە واقیع" (ڤیکۆ). لە کۆتاییدا، هیگڵ ، گرامشی ئاماژە بە بوونی داشتنەکی هاوشێوە دەکات لە ڕووی شێوەوە لای تەرتولیان (نزیکەی ١٥٥/١٦٠ تا دوای ٢٢٠ ز)) فەری دەکردین کە "هەر شتێک واقعی (حەقیقی) بێت، ئەقڵانییە". فەلسەفەی پراکتیزە (پراکتیس) جارێکی تر ئەم ئاوەدانەوانە دەخاتەوە ڕوو: مەسەلەکە ئەوە نییە کە تەواماندرژ دەبێتەوە بە پراکتیزە، یان هاوتەریبی دەبێت، یان لەناو خۆیدا دەیتوانێتەوە، بەڵکو واقیعی مرۆیی [شتێکی] کردەییە، دەستکردی مرۆڤ و زانینیشی بریتییە لە دروستکردنی . بۆیە بابەتی مرۆڤ بوون دەگەڕێتەوە کێشەی سەرەکی و یەکەمی فەلسەفەیە . ٤

4. کێشەی یەکەم و سەرەکی

٤ کاتێک پرسیارێک دەکرێت "مرۆڤ چییە؟" ئەمە نامانەوێت (لە ڕووی فەلسەفییەوە) پێکهاتەی بایەلۆژی مرۆڤ بزانین، چونکە ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بوایە، دەبوو چاوەڕێی ئەنجامی هاوتاکانی زانستە سروشتییەکان بکەین، بەڵکو ئەوە شتێکی دیکەیە: "مرۆڤ دەتوانێت ببێتە چی؟" واتە ئایا مرۆڤ دەتوانێت چارنووسی خۆی کۆنتڕۆڵ بکات، ئایا دەتوانێت خۆی دروست بکات ، ئایا دەتوانێت ژیان بە خۆی دروست بکات؟ . هەموو فەلسەفەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە وەڵامی ئەم

پرسیارێ بدنەوە، چونکە مرۆڤیان وەک کورتکراوەیەک لە تاکایەتیەکەیدا سەیر کردووە. بەڵام ئەو مرۆڤایەتیەی لە تاکدا دەردەکەوێت، لە سێ جۆر پێگەزێ پێکدێت: یەکەم تاک خۆی؛ دووەم ئاوانی تر ، سێیەم سروشت ، پێگەزی دووەم و سێیەم ئاماژن.
تاک بە شێوەیەکی میکانیکی لەگەڵ ئاوانی تر و لەگەڵ سروشتدا ناچێتە ناو پەیوەندیەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئۆرگانیک (لەگەڵ ئاوانی تر)، و نەک تەنها (لەگەڵ سروشت) چونکە سروشت خۆیەتی، بەڵکو بە شێوەیەکی چالاکانە لە پێگەی کار و تێکنەلۆژیاوە لەوانەش لەم چەمکە کۆتاییدا ئامرازە عەقڵانیەکانە واتە زانست و فەلسەفە . لە ڕونکردنەوەی کۆتایدا گرامشی پەلەک دادەمەزرێنێت بە ناوی "گرێبەست" بگومان یەکێک لە وانە دەکترینە مارکسیستەکان پێکدێنێت بە شیکاری بونگرایی ، جگە لەوەش ئەم پەیوەندیانە چالاک و هۆشیارن، واتە گونجاوە لەگەڵ تێگەیشتنی مرۆڤایەتی لەیان بە پلەیەکی جوازەوە .
ڕبەیە دەکرێ بڵێین هەموو مرۆڤێک خۆی دەگەڵێت و خۆی ڕاست دەکاتەوە ، بە قەد کەی گەڵین و ڕاست کردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە سنتەرو ناوەندی ئەوە . لەم قۆناغەدا داشتنەوەی تواوکاری سەبارەت بە چەمکی سروشتی مرۆڤ لە لایەن مارکسەوە بە گرامشی هەژمار دەکرێت. ئەگەر بڵێین سروشتی مرۆڤ کەی پەیوەندیە کەمڵایەتیەکانە [وەک مارکس وتی] ، دەخەشکەرترین وێنەیە، چونکە بیرکەی بوون لەخۆدەگرێت، هەروەها دەشێت بڵێین سروشتی مرۆڤ بریتیە لە مێژوو .

٥ – پێکهاتەی سیاسەتی ڕۆشنبیری

ڕەگ و ڕیشەی جیهانی مرۆڤ، واتە مێژوو و کولتور جیاوازن و دژ بەیەکن. لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا کەمڵەک کەس هەبوون کە چەمکەکی ڕوونیان بە جیهان هەیە، بە چڕنکیتر سەرکردە ڕەحیەکانی هەر کەمڵەگایەک وەرگرین چەمکەکی دیکەیان هەیە بە جیهان، لانیکەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە پراکتیکدا دژایەتی چەمکی یەکەمیان دەکات . ئەم پێکهاتەی ڕۆشنبیری سەرەتایی چینێکی بادەستە، یان چینێکی ژێردەستە، لە فەرهەنگی دیاردەناسیی گرامشیدا لەم دەخەڕۆشنبیریە دژبەیەک و دابەشبووەدا تێگەیشتن لە [چینە بادەستەکانمان] بە ئاشکرا دەبێت لەڕێگەی ململان بە بە دەست هێنانی هەژموونی سیاسیەت . سەرەتا لە بواری ئەخلاقدا، پاشان لە بواری سیاسەتدا، بە ئەوەی بگاتە فەرمولەیەکی باڵاتری چەمکی تایبەت لە واقیع . هۆشیاریی سەر بە هەڵکی دیاریکراوی بادەست =[چینی کەمڵایەتی] ، واتە هۆشیاری سیاسی قۆناغی یەکەمی خود هۆشیاری دواتر پشکەوتنخوازانە، کە تیایدا تیۆری و پراکتیک

یەکدەگرن ، دواجار ئەمە وادەگەیەنێ بە گەشەکردنی تەواوی تاک دەدات . بەم پێیە یەکێتی تیۆری و پراکتیک ڕاستیەکی میکانیکی نییە بەڵکو پرۆسەیەکی مێژوویە . کاتێک پرۆلیتاریای دەسەڵاتدار هێژموونی خۆی دەسپێنێت و دەوڵەتی خۆی دروست دەکات، بناغەکانی گۆڕانی تەواوی ڕۆحی خۆی دادەنێت؛ دەگاتە ساتێکی "پاککردنەوە" کە تێیدا چیتر بەهای بەرژەوەندیە خۆپەرستە کۆنەکانەوە ناجووڵێت کە پێشتر بە بەردەوامبوونی پێویست بوون. بەڵام سەرکەوتن لەم گۆڕانەدا لەم داهێنانە کولتوورییەدا تەنیا پێویست نییە بە فاکتەرەکانی هەزموون. گرامشی لەڕەدا پێویستی ڕاستی زانستی و "وێنای لێژیکی پێویست" بە یاد دەهێنێتەوە. تەنیا کاتێک ئەمانە هەبن دەتوانرێت حەقیقەتی مێژوویی بەدەست بهێنرێت و لە هەمان کاتدا تێکڕا بە واقیعی بکرێت . ئەوش ڕوونە کە بنیاتنانی بەکۆمەڵ لەم جۆرە ناتوانرێت بە ئارەزووی خۆیان ، لە دەوری هەر ئایدەلۆژیایەک لە هەگەی ئیرادەی بنیاتنەری فۆرمی کۆسایەتییەک یان گروپێکەوە ئەنجام بدرێت کە لە فەناتیزمەوە بە چەمکە فەلسەفی یان ئاینیەکانی خۆی پێشنیاری دەکەن . پابەندبوون یان پابەندنەبوونی جاماوەر بە هەر ئایدەلۆژیایەکەوە هەگای پشتڕاستکردنەوەی ڕەخنەی ڕاستەقینەی عەقڵانییەت و مێژوویبوونی شوازەکانی بیرکردنەوەیە . ئا لەرەوەیە گاڵتە کردنەکەی گرامشی کە لە (ماركسەوە وەریگردووە) تەنها بە ئایدەلۆژیەکان ، ئەم بابەتە میراتی گەورە ماركسیستە هاوچەرخەکانی ئیتالیایە وەکو سەزار لوپەرینی (1909-1993) . ■

گرنگترین بەرهەمەکانی گرامشی دوای مردنی بریتین لە: نامەکانی زیندان (1947)؛ ماتریالیزمی مێژوویی و فەلسەفەی بەندیتە کرۆچە (1948)؛ ڕەشنبیران و ڕێکخستنی کلتوور (1949)؛ ڕێنسانس (1949)؛ تێبینیەکانی ماکیاڤێلی و سیاسەت و دەوڵەتی نوێ (1949)؛ ئەدەب و ژیانی نیشتمانی (1950)؛ ڕابردوو و ئێستا (1951). داگەبەرت دی. ڕێنیست لە فەرهەنگی فەلسەفەدا (١٩٠٢-١٩٨٢) سەرپەرشتی کردووە و ساکریستان گریاوە (١٩٦٩) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی ، ساکریستان ئەم نووسینەی خوارەوەی دەربارەی نووسەری "دەفتەرەکانی زیندان" خستووەتەڕوو:(١٨٩١-١٩٣٧)؛ سیاسەتمەدار و فەیلەسوفی ئیتاڵی، دامەزرێنەری حزبی شیوعی ئیتالیا. لە زانکۆی تۆرینەدا زمانەوانی و فیلەلۆژیای خوێندووە (بە تایبەتی زانستی زمانەوانی)، بەڵام بەهای خەباتی و خۆ تەرخانکردن بە سیاسەت، خوێندنی زانکۆی تەواو نەکرد. بەشداریی لە ڕێژنامە سۆسیالیستەکانی "شارەفی گەل" و "پێشکەوتن"دا کردووە. گۆڤاری "سیستەمی نوێ"ی دامەزراندووە، کە ئاراستەی شیوعی (لێنینیزم) کردووەو بناغەی بیرکردنەوەی خۆی و

بیرکردنەوەی سیاسەتمەدارە دیارەکانی دیکەی ئیتالیا (پالمیرۆ تۆلیاسی (١٨٩٣-١٩٦٤)) بووە.

دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی ئیتالی، نوێنەری ئیتالیا بوو لە ئینتەرناشنالی سێیەم (کۆمینتەرن)، پاشان بوو بە ئەمینداری گشتی. لە ساڵی ١٩٢٦ زیندانی کرا و لە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کرد، پاش شەش ساڵ لەو حوکمەی کە داواکاری گشتی حوکمەکەی بەم قسەیە پاساو دابوو: "دەبێت ماوەیەکی درێژ مێشکە بکەین بە ماوەی ٢٠ ساڵ کار نەکات". بەرهەمەکانی گرامشی پێکدێن لە وتارە ڕۆژنامەوانیەکان کە پێش زیندانیکردنی بڵاوکراونەتەوە، و نزیکەی سێ دەفتەری یادداشتە کە لە زیندانەکانی زیندان"). بڵندیتە کرۆچە (١٨٦٦-١٩٥٢) نامەکانی گرامشی کە لە زیندانەوە نووسیبووی، بە کارەکی کلاسیکی نوێی دەزانێت لە ئەدەبیاتی ئیتالیدا . گرامشی مارکسیستێک پێشنیار دەکات کە ناوی لێناوە "فەلسەفەی پراکتیک". ئەم فەلسەفەیە پراگماتی نییە، بەڵکو شێوازێکی بیرکردنەوەیە کە کۆشە تیۆریەکان دەکاتە مێژوو بەوەی هەمیشە وەک کۆشەی کلتووری و ژیانی مرۆیی گشتگیر دەیانبینێت: "ئەوەی بە زانست گرنگە ئەوەندە ئەبژێکتیڤبوونی ڕاستی نییە، ئەوەندەی بە مرۆڤ گرنگە میتۆدەکانی پەرەپێدەرات و بەردەوام ئامرازە ماددییەکانی و لێژیکیەکانی (لەوانەش بیرکاری) ڕاستدەکاتەوە؛ ئەوەی بە ئەمە گرنگە کلتوورە. پەیوەندیی مرۆڤ بە ڕاستیەوە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. تەنانەت لە زانستیشدا گەیان بەدوای ڕاستیدا دابەزان لە مرۆڤایەتی جگە لە پارادۆکسێک هیچی تر نیە . فەلسەفە دەبێت لە چوارچێوەی پراکتیکی مرۆڤایەتیدا تێبگەین، "بە شێوەیەکی کەنکرێتی، واتە بە شێوەیەکی مێژوویی". کەواتە بابەتی مرۆڤ کۆشەی یەکەم و سەرەکیی فەلسەفەی پراکتیکە.
ئەو بابەتانەی کە لای فەیلەسوفە مارکسیە نەریتیەکان یان ئەکادیمیەکان، بەشە سەرەکیەکانی "ماتریالیزمی مێژوویی" پێکدەهێنن (واتە ئەو بابەتانەی لە "فەلسەفەی سروشت"ی ئەنگەلس و وەرگیراون)، کردەیانە لە کارەکانی گرامشیدا بوونیان نیە. سەرەڕای ئەوەش بیرکردنەوەی گرامشی دووەیەکی سێیر دەوروژێنێت سەبارەت بە بابەتی ئایدیۆلۆژیاکان. گرامشی درکی بەوە کردبوو کە کاری فەلسەفی مارکس لە بنەڕەتدا ڕەخنەگرتنە لە ئایدیۆلۆژیاکان. بەڵام لە لایەکی ترەوە گرامشی پێی وایە هەر بیرکردنەوەیەک کە پەیوەندی بە پراکتیکەوە هەبێت وەک مارکسیزم بە نموونە پەویستە تا ڕادەیەک بونیادنانی ئایدیۆلۆژی یان "ئەفسانە"ی تێدا بێت، وەک لە وتارە سەرەتایەکانی خۆیدا نووسیویەتی.گرامشی لە ساڵانی پێگەیشتنیدا،

دووەم بوو لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەو چەمکی مارکسیزمی خۆی بە تەواوی لە ئایدیالۆژیاکەی دانەماڵی. بەڵکو پێنای بردە بەر جیاکردنەوەی نێوان ئایدیالۆژیا ئەرگانیە مۆژوویەکان کە بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو پێویستن، و ئایدیالۆژیا هەڵەمەکی و عەقڵانییە "پێسەندکراوەکان". بەهەی ئەوەی لە ڕووی مۆژوویەوە پێویستن، ئەم ئایدیالۆژیایانە خاوەنی باوەڕێکراویەکی دەروونین، چونکە جەماوەری مرۆیی بەکدەخەن و بنەمایەک پێکدەهێنن کە مرۆڤکان تێیدا خەبات دەکەن و تێیدا هۆشیاری لە هێوەستەکانیان بەدەست دەهێنن ....هتد."

ئاکد الجبوری – حوارالمتمدن – ٢٤/ ١٠ / ٢٠٢٥

ئەو کتێبانەی یارمەتیت دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تایبەتییەکانت، ژمارەیان کەمە.. نووسینی/ هاشم ساڵح

وەرگێڕانی / ئاکۆ عەبدوڵا

ئەگەر کەسێک لە پرسیبام لەو ماوە درێژەی لەپاریس دەژی گرنگترین کتێب خوێندبێتەوە چییە؟ یەکسەر وەڵامم دەدایەوە: (دانپێدانانەکان) ی جان جاک ڕۆسۆ. لەوانەیە ئەو خوێندنەوەیە

گەورەترین دڵزینەوە بووبێت بەڵامەوە لەدوای گەیشتنم بە فڕۆنسا، نزیک چل ساڵ لەمەوبەر. گەر هیچ شتێکی دیکەم نەخوێندباوە، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی شانازی بکەم و هاتنیشم بۆ وڵاتی مڵیۆنێر و ڤێتنەر بەهەدەر نەچووبێ. بۆچی ئەوندە گرنگی پێدەدەم؟ چونکە پێ لەمەیلی مرۆڤایەتی.
لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبە و لە لاپەڕەی ژمارە ١٢٠ی چاپی فلاماریونی فڕەنسی ساڵی ١٩٦٨دا، هێسێ چیرۆکێکی بچووک دەگێڕێتەوە کە لەسەرەتای منداڵیدا بەسەریدا هاتووە، ئەوەش بوو دواتر وەهای لێکرد دانپێدانانەکانی یان بیرەوەرییەکانی بنووسێت بۆ ئەوەی پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە. یان تۆ بڵێ: یەکێک بوو لەهۆیە سەرەکییەکانی نووسینی.
ئەو لەسەرەتای لاویدا بوو، واتە لەتەمەنی شانزدە ساڵی، تازە لەمندااڵی دەرچووبوو کاتێک هۆوداوەکە هاویدا. پوختەکەشی بۆ شەوێیە: وەک زانراوە دوای ئەوەی لەماڵی خۆیان و خەزانەکەی لەجنێف رایکرد، سەرگەردان بوو و نەیدەزانی لەچۆلەوانی بۆ کوێ سەرهەبگرێ. دواتر وەک خزمەتکار لای خەزانێکی ئیتاڵی کاری دەکرد. هەژێک ملپێچێکی جوانی کەوتە بەر دیدە و بۆیاریدا بیدزێت و پێشکەشی کچە خزمەتکارەکەی دیکەی ماڵەکەی بکات کە (ماریون) ی ناوبوو.
بەڵام دوای ئەوەی دزییەکە ئاشکرا بوو، لەیسوابوون ترسا، بۆیە ناچاربوو ئەو کچە تەمەتبار بکات بەوەی ئەو دزیەکەی کردووە. خاوەن ماڵ داوای لەکچە خزمەتکارەکە کرد بێتە بەردەمی بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووبەڕوویان بکاتەوە و دەرکەوێت کامیان دزەکە و کامیشیان ڕاستگۆیە. بەو پێیەی ئەو کچە بێتاوان بوو، سەرەتا سەری سوڕما و وەڵامی نەداوە. نایدەزانی چی بڵێت، بۆیە دەستی کرد بە پاڕانەوە و داوای یارمەتی کردن،و سوێندیشی خوارد کە ئەو نییە. لەو کاتەی بەرگری لەخۆی دەکرد، ڕەسەن بێتاوەیی لەی دەهاتنی، وەک ئەوەی هەر زوو شکستی هێنابێت. ئەویش بێنیگای هاوسەزانە و سەرزەنشت و تاوانبارکردنەوە سەیری دەکرد.
بەدرێژایی ژیانی ئەو دیمەنە بەردەوام لەخەیاڵی دا ماوە. پێی گوت: "نا خەسڵ! پێم وانەبوو تۆ وا بیت. نا هۆسێ ئەمە لەگەڵ تۆدا ناگونجێت نا هۆسێ... من پێم وابوو تۆ کەسێکی باشیت. هەموو شتێکیش بەگەیە بۆ ئەوەی بەڕاستی باشیت. بەڵام بۆچی ئەوت لەگەڵ کردم؟ بەڕاستی منت خستۆتە دۆخێکی ناخۆش. حەزناکەم لەشوێنی تۆ بم". بەڵام ئەو دوای ئەوەی نەیتوانی پەشیمان بێتەوە، پێداگری کرد لەسەر درۆیەکەی. بەو شێوەیە لەکۆتاییدا توانی بەسەری دا سەرکەوێت و تاوانێکە بخاتە ئەستۆی ئەو. پاشان هەردووکیان لەماڵێک دەرکران.

ڕەسەن ملپێچەکەی دزی بوو تا وەک دەربڕینی خۆشویستی خۆی بیدات بەو کچە. بەڵام لەبری ئاوەزی سوودی پێ بگەیەنێت، زیانی پێگەیاند… لەبری ئاوەزی کلی بە تەبکات؛ کوڕی کرد.
کاتێک ڕەسەن ئاو چیرۆکەی ماریانی لەکتێبی دانپێدانان نووسی، چل ساڵ یان زیاتر تێپەڕیبوو. ئەو سوێندی بخوا دەخوارد کە بەهایەوە چەندین جار خەوی زڕاوە و نەخەوتووە. ڕاستە بە ماوەیەک لەخەیاڵی ون دەبوو، جا درێژبێت یان کورت، بەڵام لەکاتی ناڕەحەتیدا دەهاتەوە بیری بە ئاوەزی بکەوتە دەڕاوکێ. ویژدانی سەرزەنشتی دەرکرد و ئازاری دەدا تا ئاو ڕادەیەی هەندێک جار لەخۆن دەیبینی کە لەپشت تەمەکان لەی نزیک دەبێتەوە وەک ئاوەزی پەی بەرێت: "بە وات لەگەڵ کردم ڕەسە؟ نازانیت ناوبانگی منت لەماڵەکان لەکەدار کرد؟ نازانیت چیتر وەک خزمەتکار لای خێزان کارم پێناکەن؟ چیم لە کردبووی تاکو وەرانم بکەی؟". دوای چل ساڵ دەهاتە پێش چاوی وەك ئەوەی چیرۆکێکە دوێنێ ڕوویدابێ. فرمێسک لەچاوەکانی دەهاتەخوارەوە و ڕوومەت و باڵیفەکەی تەڕ دەکرد.
پاشان داغەلدانەکانی گوربوون و خەیاڵ بەرەو نەخشی دەیبرد. تا دەهات گەورە تر دەبوو تا نزیک بوو ببێتە تاوان. لەساتەکانی تەنیایی و دڵتەنگی دا لەخۆی دەپرسی: "دەبێ چی بەسەر ماریانی هەژار دا هاتبێ؟ چی بەسەر ئاو کچێ بچووکەدا هاتووە کە لەژیانیدا هەرگیز ئازاری کەسێکی نەداوە؟ ئایا ڕاستە هەموو خەزانەکان ڕەتیان کردەتەوە و ئەویش بە نموونەی ناچاربووە لەشفرۆشی بکات بە ئاوەزی بتوانێت بژی؟ ماریانی هەژار بە کوێ چووە و لەچ ڕەگایەکدا ون بوو؟ ئایا داهاتووی وەران بووە، یان لەو شەرمەزاریەی ڕزگاری بووە؟"
زۆر پرسیاری دیکە کە بەدرێژایی ساڵانێك دێ و مەشکیان شێواند … لەپاییز یان زستانی تەمەنی دا بوو ئاو پرسیارانەش لەینەدەبوونەوە، دوژمنەکانیشی لەهەموو لایەکەوە بەدوایدا دەگەڕان و هەڕشیان دەکردە سەری، دوای ئاوەزی زۆر بەناوبانگ بوو، تەنانەت پاش ئاوەزی کتێبەکانی لەلایەن ئسولییەکان لەپاریس و جنێف و ئەمستردام بەجارێك سووتێنران، ببووە نیمچە ئەفسانەیەك. ئەوەش پاش گەورەبوونی ئاو منداڵە بچووکە بیژییە بوو کە کەس نایدەناسی و بووە جان جاک ڕەسۆ!
لەهەڵومەرجێکی وەها تراژیدی دا کە لەکۆتایی ژیانی دا دووریدابوو، پەی وابوو بەهەی ئاو (گوناحە کانە) ی کە ڕەژێک ئەنجامی داوە، پەروەردگار تووڕەی لێدەکاتەوە. خەریک بوو دەخۆش بێت بەوەی ئاوانی دی ئەشکەنجەی دەدەن و ناوبانگییەکەی دەشێوێنن. هەروەک چۆن ئەو ماریانی ئەشکەنجەدا و ناوزاوی کرد. داوای ستەم و چەوساندنەوەی زیاتری دەکرد بە ئاوەزی خەی چاک بکاتەوە و ببێتە

کەفارەتی گوناهەکانیشی.
هەر لەو ساتەوەختەوە لەدرکردن بووە، وەها لەی دوورکەوتەوە و لەی ترسا وەک ئاوەی تاوان بێت. تا بوو بەئاستگەترین نووسەر کە ئەوروپا لەهەموو مێژووی خۆیدا بەرهەمی هێنابێت، بگومان جگە لەچەند نووسەرێکی دیکە. وەک هالدەرلین، کانت، گۆتە. بۆیە لەپشت هەر لاپەڕەیەکی دانپێدانانەوە دەبینیت وەک ئاوەی دەنگی ئاستی بە قسە بکات نەک ئاو. لەشوێن تەواوی چاخێك، بووەتە گوتەبێژی فەرمی بەناوی حەقیقەت. لەبەر ئەوە بوو کانت زۆر سەرسامی بوو پێی و وێنەکەی لەسەر مێزەکەی دانابوو تاکو چەژی لە وەربگرێت و بەدێنەوایی و ئارامییەوە بنووسێت کاربکات. هەروەها هالدرلین، هیگڵ، تێستەی، دەستایڤسکی و چەندین کەسی دیکەی گۆڕە، یان گۆڕەی گەورەکان پڕوەی سەرسام بوون. بووە پێغەمبەری سەردەمی مەدەرن.
بەو شێوەیە ئاسە بایاری دا لەو کتێبە بەناوبانگەی (دانپێدانانەکان) دا بەئاشکاوی خۆی لەبەردەم خوێنەران و نووکانی داهاتوودا ئاشکرا بکات. بایاری دا نهێنییەکانی خۆی بخاتەوو و دانیش بەهەموو لاوازی و کەموکوڕییەکانی دا بنێت. زیاد لەپێویستیش لەگەڵ خۆی توند بوو و بەتوندوتیژیس ماماڵەی لەگەڵدا کردووە و قسەی ناشرینی ئاراستەکردووە، تانانەت زۆیشی پێ سێیوەتوە! بەوەش لەپرسینەوەی ویژدانی لەهەزری هاوچەرخی ئەوروپی دامەزراند. لەرەشەوایە کۆشندەیی دانپێدانەکان و نەمرییەکەی، بەدرۆزایی سەدەکان.
بەڵێ ئەو چیرۆکەی ماریون بەدرۆزایی ئاژ و ساڵەکان دەی دەکوشی. خۆزگەی دەخواست کارەساتێك بەسەری دا هاتبا و ئەو کارەی نەکردبا. ئاگەر بەڵایەکدا ڕایان کۆشابا و بەجیا پرسیاری ئەو بابەتیان لێکردبا، دانی بەڕاستی دا دەهێنا و هەرگیز تەماتەکەی نەدەخستە پاڵ ئەو کچە. بەڵام زەحمەت بوو بەی بەئاشکرا لەبەردەم هەمووان دانی بگوناهەکەی دا بنێت.
لەو سێ لاپەڕەیدا بەو واتایە دەڵێت: دوای کارەساتەکە ئەوەی لە دەترسام سزا و لەدان و دەرکردن لەماڵەکە نەبوو. بەڵکو شەرمەزاری بوو. لەهەموو شتێکی دونیا زیاتر لەی دەترسام. لەمردن زیاتر لەی دەترسام. من پێم باشبوو زەوی شەق بێت و لولم دات نەک لەبەردەم خۆک دان بەوەدابنێم کە من دزم". بۆیە ناچاربوو درۆ بکات و بەپێچەوانەی ویستی خۆی، ئەو تەماتبار بکات.
هەندێک جار بەبیرم دا دێت بپرسم و ئەوە بڵێم: ئایا پێوەندی لەنێوان ئەو هەوڵستەی ڕاسە و ڕاستگۆیی ڕەفتار لەوڵاتانی زۆر شارستانی وەک سویسرا دا نییە، کە سویسرا وڵاتی رەسەنی ئەوە؟ ئایا

ویژدانی ئەخلاقی یان لەپرسینەوەی ویژدانی لەسەرانسەری ئەوروپا دانەمەزراندووە؟ بۆچی پێویستیی کەمایەتییەکان لەوڵاتانی پێشکەوتوو، وردو ورد بکۆپکن؟ بۆچی فڕە و درۆ و ساختەکاری لەوڵاتەکانی ئەمەدا زۆر باون، کە ئەمە بانگەشەی ئیمان و تەقوا و خواپەرستی دەکەین؟ بۆچی تا زیاتر نوژ بکەین و بڕۆژوو بین و کەنەش بەرین زیاتر فڕە دەکەین؟ بۆگومان هەواڵەری زۆریش هەیە و خۆریکە داوای لێبوردن بکەم لەوەی وتم... بەڵام ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە تۆ لەسویسرا، ئەڵمانیا، دانیمارک، نەرویج، سوید، یان وڵاتانی دیکەی ئەوروپی، ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت ڕۆژنامە و کتێب بکڕیت یان سواری پاس ببیت بۆ ئەوەی یەک فلس بدەیت، چونکە کەسێک نییە چاودێریت بکات. تەنها ویژدانت چاودێری تە دەکات. ئەوانەی وڵاتانی عیلمانین هیچ شونەواری ئایینیان تێدا نییە و بەدگومانیش بڕۆژوو دەبن و نوژ دەکەن. کەچی سەد لەسەد ئەخلاقیین. ئەمە چۆن ڕوون بکرێتەوە؟ دان بەوەدا دەنێم، ئەوە سەرسامی کردم. بۆچاوی خۆم ئەوەم بینی ئەو کاتەی سەردانی سویسرا و ئەڵمانیا و هۆڵەندام کرد، سەرسام بووم بەو دڕۆ. بینیم هەموو هاوڵاتیان پارەی شتە کەدراوەکانیان بەکاش دەدەن. هەرگیز کەس بیری لەفڕەکردن و پێشێلکردنی یاسا نەدەکردەوە. کەواتە لەوێدا شتێک هەیە پێی دەوترێت ویژدان و لەهەموو پۆلیسێک گرنگترە! ئامۆژگاریکەرێکی ناخی هەیە و ڕێگریت لێدەکات ئەگەر لادان، پێشێلکردنی ئەرک، یان کەمتەرخەمی لەکارەکەت بەخەیاڵ دا بێت. چۆن دەترسیت لەوڵاتێکی لەو جۆرە؟ چۆن گوێ ناکات و پیش ناکەوێت و لەناوی دا گوزەران خۆش نابێ؟ کە ویژدانی ئەخلاقی تەکمەی لەکولتووری ئەوروپی دا دامەزراند؟ ئەوان، چاکسازە ئایینییەکان و فەیلەسوفە گەورەکان و زاناکانی... زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن.

ئایا تا ئێستا بیستووتە شارستانیەتێک بێ کسایەتییە گەورەکان لەسەر پێی خۆی هەستێت و لەسەر حەقیقەت و بنەماکان بوەستێ و بشسووتێ بۆ ئەوەی ڕۆژگا بۆ ئەوانی دیکە ڕووناک بکاتەوە؟ ئایا شارستانییەتەکتان بیستووە لەسەر نەریتی ناڕاست و وردی لەماموستاکردن دروست بووبێ؟ گوتتان لەشارستانییەتێک بووە لەسەر شتێکی دیکە جگە لەئەخلاقی باش سەریهەڵدابێ و گەشەی کردبێ؟

إنما الأمم الأخلاق ما بقيت

فإن هم ذهبت أخلاقهم ذهبوا

هەکاری دیکەش هەیە پاڵم پێوە دەنێنن سەرسام بم بەدانپێدانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ و لەرشدا ناتوانم هەموویان ئاشکرا بکەم. ڕەنگە گرنگترینیان ئەوە بێت کە لەدایکم و سەرەتای منداڵیم و ئەوە ڕووداوە زۆربەخشی بوونمی دامەزراند نزیکی کردبێتمەوە. بەهەر

حاڵ چیرۆکی من لەگەڵ ئەو کتێبە دا درێژە، لەو کاتەوەیە کە دەیجورە تاریکەکانی ژیانی ناوەوەمی ڕۆشن کردەتەوە، دوای ئەوەی بە یەکەم جار لەگوندی شاتنی مالبەری لەدەوروبەری پاریس خوێندمەوە. ئەوە هەمان گوندەکەی پاڵ ئیکاری فێلەسوفی گۆرەیە. هەروەها گوندی ڤۆلتێرە چونکە لەوێ لەدایک بووە و پێکەرەکەشی لەپشەوەیە. بەختەوەر بووم کە لەکۆتایی سەدەی ڕابردوو دا بەشکۆوت چەند ساڵێک لەوێ نیشتەجێ بووم. لەو ساوە ئەو کتێبە هەرگیز لەم جیانەبۆتەوە، بۆتایبەتی لەساتە سەختەکاندا. یارمەتی داوم بۆ قوبوونەوە لەهەندێک پرسیاری تایبەتی و قبوڵکردنی ئەوانەی کە بەرگەیان ناگیرێ. لەڕاستیشدا ئەو کتێبانەی یارمەتیت دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانت ژمارەیان کەمە. ئەوان بریتین لەکاوەژنە ڕووناکەکانی ناو داخراوەکان.

سەرچاوە: https://aawsat.com ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩

بەراو یان ڕەشکەوت؟.. سەدیق سەعید ڕەنزی

ئەم دوو وشەیە، وەك دیاریکردنی کات لە ڕووی مێژوویییەوە لە زمانی کوردی بەکاردێن، بەڵام بەشێك لە زمانزانان دەڵێن بەروار هەڵەیە و نابێ بنووسرێت و پەیڕەو بکرێت، چونکە ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی کوردستان و دەبێ ڕەشکەوت بنووسرێت. لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشەدا، بەراور لە بەرانبەر(تاریخی) عەرەبی هاتووە. بۆگومان (بەراور) وشەیەکە هیچ پەیوەندییەکی بە (بەراوری) یەوە نییە کە مەبەست لێی ئەو ناوچە جوگرافییە یە کە کەوتەتە سنووری پارێزگای دهۆك. واتا ئەوەی هەیە بەراورییە، وەك چۆن دەڵێن(ئەلەند بەراری) و ناگوترێت(ئەلەند بەراور) ئەوانەی بۆایان وایە بەروار لە بەراورییەوە هاتووە، وەك ئەوەیە بڵێن (سلێمانی) بکەنە (سلێمان) کە ئەوەی یەکەمیان شارە، ئەوەی تریان ناوە، کە لە ڕووی ماناو ڕەنووسیشەوە زۆر دوورن لە یەکتری. سلێمانی و بەراری لێرەدا، لە ڕەگەی پیتی (ی)ەوە، سیفەتێکیان پێ دەدرێت کە ئاماژەن بۆ شوێن و

دەلالەتن بۆ هاوەڵناو. وشەی (بەروار) لە هەردوو وشەی(بەر) کە هاوەڵکاری شوێنییە، لەگەڵ (وار) کە ناوێکی سادەیە پێکهاتووە. بەر بەمانای خوارەوە دێت، واریش واتا شوێن و جێگەیەك کە ئاوەدانی تێدا بێت، چونکە گەر ئاوەدانی تیا نەبێت، پێی ناگوترێت وار. بەروار واتا دیاریکردنی شوێنێکی تایبەت و دیاریکراوە، کە ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لەوەی هەمان مەبەست بۆ ڕۆژ و کاتیش لە ڕووی مێژوویەوە بە کاربێت، کە مەبەست لێی دیاریکردنە بە تەواوەتی، وەك ئەوەی (بەر) و (وار) بە یەکەوە بێتە بەروار، واتا بەر لەوەی بگەینە وارەکە، سەرەتا لە بەرەکەین، دواتر دەچینە وارەکە، بەمەش شوێنە دیاریکراوەکە دەبێتە بەروار. ئەم وشەیە هیچ پەیوەندی بە وشەی (بەرواری) یەوە نییە، کە ناوچەیەکی جوگرافی کوردستانە, لەلایەکی دیکەوە گەر بەراوردی بەراور بە ڕۆکەوت بکەین، ئەوا دەبینین بەروار دروستترە لە ڕووی واتا، گۆکردن و نووسین، بە بەراورد لەگەڵ وشەی ڕۆکەوت کە هاوواتا (سوتفەی) عەرەبییە، گەرچی هەردوو وشەکە بە ئاماژەکردن بە مێژوو، ڕۆژ و کات دێن کە ئەمەش نیشانەی بە بەشتی زمانی کوردییە. بۆیە ئەوە نییە بەروار هەڵەبێت، وەك ئەوەی کەسانێك لێکدانەوەی بۆ دەکەن، دەکرێ هەردوو وشەکە بەکار بێنین، بەڵام گەر بێتە سەر دیاریکردن و نووسین، ئەوا بەروار جوانترە لە ڕۆکەوت و هیچ هەڵەیەکی زمانەوانی و بابەتی و واتایی لە وشەی بەروار نییەو ئەم وشەیە، بەکار هێنانی زۆر ئاساییە.

*ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (9854) لە 25/11/2025 بڵاوکراوەتەوە.

کێشە لەسەر سەرۆک وەزیران!.. عوسمانی حاجی مارف

دوای چەند ڕۆژێک لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە 17ی نۆڤەمبەردا، چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە خۆی وەک گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی ڕاگەیاند، کە بۆ کێی لیستەکانیان توانیان زۆرینەی دەنگی زیاتر لە ١٧٠ کورسی کۆبکەنەوە، لەهەمانکاتدا لیستی هاوپەیمانی

ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بە سەرکایەتی سودانی پێوەندیان بە چوارچێوەکەوە کردووە.
بەپێی لێکدانەوە یاساییەکان، گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی ئەو بلۆکە دەتوانێت هاوپەیمانی دروست بکات، کە زۆرترین کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، بەمەش مافی پێکهێنانی حکومەتی نوێ مسۆگەر دەکەن، هەڵبەتە سودانی وەک لیستێکی خۆی نەیتوانی بە تەنیا گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی پێکبهێنێت، بۆیە سەرەتا بەدوای هاوپەیمانەندا دەگەڕا بە بەرپەرچدانەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، بۆیە هەوێدا پارتی دیموکراتی کوردستان و محەمەد حەلبوسی سەرکی پارتی پێشکەوتن وەک گەورەترین حزبی کوردی و سوننە ڕازی بکات بە ئاوەژووی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دروست بکەن و گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی پێکبهێنن.
پارتی دیموکراتی کوردستان و حەلبوسی پێوەندیەکی باشیان لەگەڵ سودانی نییە، ڕازی نەبوون بەو هاوپەیمانێتیە و نەشیانویست هەوڵبونەوە لە بەرامبەری چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەدا بکەن.
سودانی هەوێدا ئاوەژووی لە ساڵی 2021 هەوێدا دووبارەی بکاتەوە، وەک هاوپەیمانی نوان سەدر و بارزانی و حەلبوسی، سودانی بە خۆشی بە باشی دەیزانی هەوڵێکی مەحکومە. تەنانەت ئاگەر پارتی دیموکرات و محەمەد حەلبوسی هێکبکەون بە هاوپەیمانی لەگەڵیدا، ئەوا توانای ئاوەیان نەدەبوو دژی چوارچێوەی هەماهەنگی بوەستنەوە، کە ئەران پشتیوانیان دەکات!.
هەر بۆیە ئاوەژووی جێگای سەرنجە سودانی لە ناچاریا پێوەندی بە چوراچێوەی هەماهەنگی کردووە، بەڵام لەم پێوەندیەدا و هاوپەیمانیدا، چەند دەتوانێت جارێکی تر ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران و حکومەت پێکبهێنێت؟، ئەمە پرسیارێکی جدیە!، لەنێو ئەو کێشەو کەشمەکەشانەی نێوان چوارچێوەی هەماهەنگیدا، سودانی پێگەیەکی بەهێزی نیە و دەخەکە وەها نیشان ئەدات فرستێکی وەهای بەدەستەوەنیە و شاناسی بونەوەی بە سەرۆک وەزیران زۆر بەرتەسک بەتەوە.
هەڵبەتە ئاشکرایە کە سودانی هەووڵووی دژایەتیەکی توند دەبێتەوە لەناو لیژنەی هەماهەنگی شیعەدا و لەنێو توندترین نیارەکانیدا، وەک نووری مالیکی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و قەیس خەزعەلی سەرکی عەسائیب ئەهلی حەق و باقی سیاسیەکەی بزووتنەوەی سادقون..، ئەوانە سەرۆک وەزیرانکیان دەوێت کە هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و حزبی و سەربەخۆی نەبێت و بیارەکانی جیا نەبێت لە ڕکەوتنەکانی نێوان لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی.
عەلی موسەوی، سیاستەمەداری شیعەی سەر بە هێکخراوی بەدر، کە

کوتلەیەکی چەکدارە و باڵکی سیاسیی نزیک لە ئێرانە و هادی عامری سەرکایەتی دەکات، هاوگەیاندووە، خەزەلی چاوەروانی سیاسی گۆڕی هەیە، سودانیش هەڵوێستی لەو چاوەروانیە دەکات، بەیە سروشتیە کە خەزەلی دژایەتی پەدانی خولی دووەمی سودانی بکات.
جگە لەو ئەپزسیۆنەی کە سودانی لە لایەن مالیکی و خەزەلیەوە هووبڵووی دەبێتەوە، هەڕەشەی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران، پەدانی خولی دووەم بە سودانی تەدکەنەوە و تەمەتباری دەکەن بەوەی کاردەکات بە گەیشتن بە ئامانجەکانی واشنتۆن بە چەکداماڵینی میلیشیاکان.
عەلا حەدادی، سەرکردە لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بە سەرکایەتی نوری مالیکی ئاشکرای کرد کە چەند فراکسیۆنێک لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا بە ئاشکرا دژی درێژکردنەوەی ماوەی سەرکۆزیرانی سودانین. جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەو کوتلەیانە نوێکردنەوەی خولی سودانی تەدکەنەوە و کاندیدێکی دیکەیان پێ باشترە.
سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەدوای سەرکۆزیرانێکدا دەگەڕێن، کە بەردەوامیی بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەرو پاریزراوبێت، بەتایبەتی بەرژەوەندیەکانی هەزە میلیشیاکان.
جگە لەوەی پێیوەندیی شەخسی مالکی و سودانی لەگەڵ بەدەر خراپە، گومانی تیا نیە کە مالیکی بە تەواوی تەیدەکاتەوە خولی دووەمی سەرکایەتی بدرێتەوە بە سودانی، مالیکی و خەزەلی و زەربەی کتلەکانی چوارچیوەی هەماهەنگی نایەوێت سەرکۆزیرانی نوێ، بەیارەکانی سەربەخۆ بێت، لە ئەنجداو و سیاسەتی چوارچێوەی هەماهەنگی و دەوری ئێران.
لە کاتێکدا ئاستە کە هاوپەیمانی سودانی سەرکەوتنی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لە باشووری عێراق، بەڵام ئەم سەرکەوتنە گەرەنتی خولی دووەمی بە ناکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دژایەتییە تونددی کە هووبڵووی دەبێتەوە لەلایەن سەرکردە باڵاکانەوە لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا، تەنانەت بە پشتیوانی ئەمریکاش دانانی سودانی ئاسان نابێت.
لە کاتێکدا پشتبەستنی سودانی بە پشتیوانی ئەمریکا یان بە دەستکەوتکانی لە خولی یەکەمیدا ناتوانێت هووبڵووی چوارچێوە و فراکسیۆنکان ببێتەوە، بەڵام گرانەوەی بە چوارچێوەکە بە پێکهێنانی گەورەترین بلۆکی پەرلەمانیە، کە هەنگە یەک یان دوو وەزارەت بە لیستەکەی بەدەست بهێنێت.
دانوستانە سیاسیەکان لە چوارچێوەی بلۆکی شیعە بە سەرکایەتی چوارچێوەی هەماهەنگی بەردەوامن، سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکۆزیرانی نوێی عێراق، گەر پێشتر بە سودانیەوە هەشت کاندید

بەرچاو بون، لەم پرسیدا ئەستا سێ ناو وەک کاندید دەرکەوتوون: عەبدولئەمیر ئەلشەمری، وەزیری ناوخۆ، حەمید ئەلشەتری، بەرپرسی هەواڵگری، هەروەها قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق، ئەم سێ بژاردەیە دیارترین بژاردەن.
لەلایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە قەیرانەکی ئابوری لە ئاراداید بەهەی کەمی نەختینەیی و بەرزبوونەوەی قەرزە ناوخۆییەکان و ترس لە دابەزینی نرخی نەوت و دابەزین بەهای دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلاردا، وەها پێشبینی دەکرێت حکومەتی داهاتوو ناچار دەبێت بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار دابەزێنێت، لە 141 دینارەوە بۆ دەوروبەری 200 دینار، بەمەبەستی پێدانی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینی و چاودێری کۆمەڵایەتی. هەنگاوێکی لەو شێوەیە، ئاگادار ووبەدات، قەیرانێکی شەککار لە عێراقدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دۆشێت ووبەونەوەیەکی نوێ لە نێوان حکومەتی داهاتو و تەواوی سیستەمی سیاسی لەگەڵ ڕای گشتی عێراقدا بهێنێتە ئاراوە.
سەبارەی گفتوگۆکانی سۆشیال میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عێراقی سەبارەت بە ناسنامەی سەرکۆزیرانی داهاتووی عێراق ئەوەیە کەسودانی دووبارە دەستنیشان دەکرێتەوە، یان هەڵەکانی هاوپەیمانی (شیعە) کاندیدێکی دیکە هەدەبژێرن؟
لە کاتێکدا سەرنج هەیە لە سەرسودانی بەوەی کە لە ماوەی سەرکایەتیەکەیدا خەزێنەی عێراقی کەمکردەتەوە و ملیۆنەک عێراقی بە کارە حکومییەکان دامەزراندووە، وەک هەوڵێک بە دامرکاندنەوەی ناڕازیبونی گەنجانی بێکار و بەرگرتن بە گەرانەویان بە سەر شەقامەکان، بەمانایەک کاری لەسەر وەڕام بە قەیرانی ئابوری نەکردووە.
خاڵێکی دیکەی پەیوەندی نێوان پرسەکانی کەسایەتی سەرەک وەزیرانی داهاتوو، پەیوەستە بە قەیرانی ئابووریەوە، کە قەوارە سیاسیە شیعەکان مەرجیان بە هەڵبژاردنی سەرەک وەزیران داناوە، پەدەچێت هەوڵێک بێت بە دابەزاندنی ئەو سەقفەی کە سودانی کاری لەسەر دەکرد. سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەیانەوێت پێگەی سەرەک وەزیران زیاتر بەرتەسک کەنەوە، تا مالکی یا هەرکەسێکی تر نەتوانێت تەواو کەنتڕۆڵی دەسەڵاتەکەی بکات. لەلایەکی تریشەوە شیکارییە ئابوریەکان ئەوە دەردەخەن کە بە هەر بەرمیلێک نەوت تەنیا ٩٠ دۆلار دەتوانێت هەموو پێداویستیە دارایەکانی حکومەتی داهاتوو دابین بکات، نرخی ئێستای نەوت لە دەوروبەری ٦٢.٥٦ دۆلارداید، هیچ ئاماژەیەک بە بەرزبوونەوەی لە داهاتویەکی نزیکدا نیە، لە ڕاستیدا پەدەچێت ئاگاری دابەزینی نرخی نەوت زیاتر بێت.

واقیعەکە ئەوەیە کە دانیشتووانی عێراق و کوردستان چاوەڕوانییان لە سیستەمی سیاسی ئێستا نیە، کە پێکهاتەیەکە لە لایەن و هێزی تائفی و قەومی میلیشیا، هەڵبژاردنەکان و خواستەکانی هاوڵاتیان بە ئاسایش و ئازادی و دادپەروەری و باشبژیوی و خۆشگوزەرانی و لێپرسینەوە لە گەندەڵی و گەندەڵکاران ئاسایەک نیشان نادات، ، ئەمەش کێشەوای دەخەکە لە ئێستاوە گرژی و ئاڵۆزی زیاتر خراپتر دەکات.
ئەوەی جێگای سەرنجە ئەنجامی هەڵبژاردن ئاشکرای دەکات کە میلیشیا چەکدارەکان و هاوپەیمانە سیاسیەکانی سەر بە ئێران زیاتر نفوزی خۆیان چەسپاندووە، بە سەرکەوتویی بالادەستی مەیدانی شەڕکانیان بە دەسەڵاتی فراوانتری پەرلەمانیش گواستۆتەوە. ئەم دەرئەنجامە هێگ خۆش دەکات میلیشیاکان لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسیە فەرمیەکان کاربکەن، هێگیان پەددات کاریگەریان لەسەر پێکهێنانی حکومەت هەبێت و سیاستەکان ئاراستە بکەن بە خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان و فراوانکردنی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر دامەزراوە سیاسی و ئەمنیەکانی عێراقدا.
ئەم چەبوونەوەی دەسەڵات بە هێزە میلیشیاکان دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی زیاتری دەسەڵات لە بەرژەوەندی ئەو قەوارانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت کاردەکەن و بە شێوەیەکی سیستماتیکی دامەزراوە حکومیەکان لاواز دەکەن، سنور بە هەر سەرەک وەزیران دادنەن گەر بەدوای هەڵوەشانەوەی میلیشیاکانەوە بێت.
لە هەمان کاتدا دانوسان و رێکەوتنی نێوان لایەنەکان لەسەر بنەمای شیعە و سونە و کورد، لەلایەکی تریەوە دەوری دەخالەتی بەردەوامی ئەمریکاو ئێران لە سەر چارەنوسی عێراق، تاچەند پێشبینی ئەوەی لەدەکرێت کە بتوانرێت سەقامگیری و ئاسایش لە عێراقدا بەدەست بهێنرێت؟. بەئاشکرا دەبینین ململانێی نێوان "شیعە و سونە و کورد" هەمیشە پڕ لە گرژی. بەیەپەویستە ئەو پێکهاتە تائیفی نەتەوەیی و ئیسلامی سیاسیە لە ریشەوە لەسەر پێکهاتەی حکومەت دابڕێت. پێکهێنانی حکومەتێک بکرێتە ڕەگەی چاکسازی، کەلەسەر بنەمای هاوڵاتی بون و غێرە دینی و غێرە نەتەوەیی بەبە بونی دەسەڵاتی میلیشیا دامەزرێت.

کۆی ناساندن بە سێ کتێبی نوێی دڵشاد کاوانی لە هەولێر بەڕێوەچوو.

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری نووسەران و هۆشنیران لە هۆڵی شەهید مەهدیی خۆشناو لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر. ڕۆژی شەممە، ٢٠٢٥//٢٩/١ کۆی ناساندن بە سێ بەرهەمی نوێی دڵشاد کاوانی نووسەر و وەرگێڕ بەڕێوەچوو.
کتێبەکان پێکهاتبوون لە کتێبی پێنەوە بە قاچ، سەفەری نامەکان. قەسیدەی شیعریی شەوە بیابانییەکانی لم.
سەرتا نووسەر تیشکی خستە سەر بەرهەمەکانی و پاشان د. هەمن عومەر خۆشناو خوێندنەوە بە کتێبەکان کرد ودواتر ئا و بەچوونی نووسەران لەسەر کتێبەکان خرانە ڕوو، بە گرینگیی سێیر کرا و پێشوازییەکی باشی لێ کرا.
لەمیانەی کۆڕەکەدا فەرهەنگ غەفوور بەڕێوەبەری هۆشنیریی و هونەریی هەولێر. چەپکە گوڵی بەدیاریی بە نووسەر بەخشی.
دڵشاد کاوانی بە ماڵپێی گوتی: کۆڕەکە یەکێک بوو لە کۆڕە گرمووگوورەکانی لقی هەولێر و جێگەی ڕازامەندی بشداربووان بوو.
کۆڕەکە لەلای مەسعوود پەرشانی شاعیر بەڕێوە چوو. لە کۆتایدا کتێبەکان واژووی لەسەر کرا.



گوندی لاجان، غەزەیەکی بچووک!..
کامل احمد

ناسیونالیزم هەر جۆرێک و ناوێکی هەبێت دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەژاران و کرێکارانە.
ئەوەی ئەمڕۆ لە لایەن هێزەکانی پارتی و پارێزەرانی کەمپانیا و پاشاوگەی لانازدژ بە خەڵکی گوندی لاجان دەکرێت لە گەمارۆدانی گوندەکەیان و بڕینی ئاگواستنیان، هیچی کەمتر نییە لەو جینۆسایدە و گەمارۆدان و ئاگواستنە زۆرەملیانەی ئیسرائیل لە غەزە. ئەم هێرشانەی گوندی لاجان باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەتەوەپەرستی و بەرژەوەندییەکانی سەرمایە هیچ جیاوازییەک ناکات کاتێک بەرژەوەندییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە. جا ئەو دەستدرێژی و گەمارۆدانە خانەخوێی و خەمانەی بێت وەک ئەوەی لە لاجان هێرشەدات یان لە ژێر ناوی زمان و نەتەوەیەکی تردا بەڕێوەبچێت و دەرکی بێت وەک ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە پیادەی دەکات. پارتی و ئیسرائیل هەردوولایان هەمان دەستەواتی سەرمایەداران و پارێزەرانی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و کەمپانیا بازرگانییەکانیانن و ئامادەن خەڵکی خانەخوێ و دەرکیش لە خوێن هەڵکیشن و بە خانەولانەیان بکەن.
ئەمە دەرسێکی هێوون و ئاشکرایە کە ناسیونالیزمی کورد دوژمنی سەرسەختی کرێکاران و هەژارانی کوردستانە و هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان سەرمایەدارن و هەژاراندا نییە و وەهمی نەتەوەیی پووچە. هەموو پشتیوانییەک بە خەڵکی گوندی لاجان و کرێکارانی کەمپانیای لازار لەم بەرەنگاربوونەوەیانەدا. گرنگترین کارێکیش ئەوەیە کە کرێکاران و هەژارانی گوندی لاجان بەو هەوڵە فریوکاریانەی هەردوو زێنی سەوز و زەرد هەڵنەخەڵتێن و نەبنە بەشیک لەم شەڕەی نێوان ئەوان لە نێوان قازانچپەرستە هەرکییەکان لە هەردوو زێنکەدا.

کامل احمد
۰۱،۱۲،۲۰۲۵

بۆچی خەڵك هیوای بە پەرلەمان نەماوە؟.. ڕێبوار یاسین فەتاح

لێگەڕێ هەر پرسیارێکی هەڵبژاردندا، مشتومڕی بڵاوکردنەوەی بەڵێنەکان لەناو شەقامی سیاسی و میللی دروست دەبێت، تەنانەت ئەو مشتومڕە زۆرجار ناو خۆزانکانیشەوە، ئەمەش سەرەنجامی گشت ئەو پشێلکاری و شکاندنانەیە، کە حزبەکان بەرامبەر بە پەرلەمان کردویانە.

خاڵی ئاسایی، جیاوازی ناکات لە نێوان پەرلەمانی عێراق و کوردستان، چونکە خودی حزبەکانن ئەو جیاوازییان نەهێشتووە لەبەر دەنگ، یەکتر ڕیسوا دەکەن و بانگەشەکانیان زەر لەکاڵی کردوە، جگە لەوەی سووکردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ئەم حزبانەوە وای کردوە کە خەڵك بە یەك چاو سەیری هەموو پرسیارێکی هەڵبژاردن بکات. بەوەی تەنیا نمایش و شانۆگەرییەکەو هیچ گۆڕانکاری دروست ناکات. ئەمە جگە لە ئەزمونی شکستخواردوی ئەپەزسیۆن لەناو کوردستان و عێراقیشدا.

بە هەموو پوەرەك، پەرلەمان لە کوردستان، تەنیا بە ئارایشتی دەسەڵاتی سیاسییە تا وەك ڕوپۆشکی ئازادی و دیموکراسی پیشانی جیهانی بدەن. ئێگەرنا، لەوتەی کورد خاوەنی پەرلەمانە، لەوتەی کورد هەڵبژاردن دەکات لەم باشورە، کەمترین جار ئەنجامەکان وەك خۆی قبوڵ کراوە، زەرترین جاریش شکۆی پەرلەمان شکێنراوە، سەرەتا بەوەی کە هیچکام لە دەسەڵاتداران و کوالانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان ئامادە نین بچنە پەرلەمانەوە، دووەمیش چەندینجار ئەم پەرلەمانە شکێنراوە بە داخستن بەت یان پەکخستن، دوایەمینیان پەکنەهێنانێتی کە ساڵێك بەسەر هەڵبژاردنیشدا تێپەڕی.

لایەنێکی دیکەی بە ئەرزش کردنی پەرلەمان، ڕوانە کردنی شایەرو بژێرو کەسانی نەخوێندەوارو بەتاڵە بە ناو ئەو موئەسەسە گرنگە، کە بڕیکیان تەنانەت جگە لە موچەکانیان، ئاگاداری هیچ کارێکی پەرلەمان نین و بڕشداری ناکەن و ساڵانە چەند جارێکی کەم قسەیەك دەکەن یان هەر ناشیکەن.

بەیە پەرلەمان بە بڕشکی زۆری حزبەکان و کادرەکانیان بەتە بازاڕێکی کەسابەت و هیچ پەیوەندی بە بەرگری لە بەرژەوەندی

خەڵکەوە نیە.
لایەکی دیکەوە، پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان کەمترین پرۆژەیان هەبوە پەیوەست بێت بە ژیانی خەڵکەوە، بگرە ئەوانەی کە زەرتترین جار دەردەکەون لە مەدیاو سۆشیال مەدیا، کەمترین کاریان لە پەرلەمان کردووە.
دوایین گوڕزیش لە پەرلەمان دراو، داخستنێتی بۆ جارێی ئێستا دەیبینین کە ساڵ زیاترە هەڵبژاردن کراوە، نە کابێتەوە نە هیچ ڕەخنەکی هەیە لە خەراتر کردنی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت. لەولاشەوە پەرلەمانتاران هەر ڕۆژێ لە شوێنێك دەردەکەون و مانگانە موچەی خەیان وەردەگرن، بە ئەوەی هەوەستەکیان لەسەر نابونی ئەو شوێنە هەبێت کە موچەی لە وەردەگرن. ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی کە دەوترا قیتارمان نییەو چەندین موچەخۆری قیتاریش هەن.
سەرەنجامی هەموو ئەم هەکارانەش، دامەزراوەی پەرلەمان بێتە دامەزراوەیەکی بەبەها لای خەڵك و بەوای تەواوی لا دروست کردون کە بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردن وەك بەشداریێە لە سەرك و نمایشکی بەبەها.

بۆچی هەڵبژاردن شەرعیەتی نیە؟

لە ١٩٩١ـەوە حساب بە ئینسانی کوردستان نەکراوە، ئێستا سەرکردەی حزب خزمەتگوزاری، ئازادی مرۆڤ و پێڕۆژەی گەورە بە خەڵکی دەفرۆشن. گەورەترین پێڕۆژە لەلای من، بەرزەاگرتنی بەهای مرۆڤ، کە حزبی کوردستان ژێرپێی خستووە.

سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی نە گرفتیان لەنەوانە، نە لەگەڵ بەغداد ناکەکن، دوژمنی وەهمی دەئافرێنرێ لەلایەن سیاسیەوە بە شاردنەوەی شکست و نابوونی ئەقڵی هاوچەرخی حوکمەانی.

ئەوەی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەلایان گرنگ نابێ و بەبەها لێی بەوانن، مرۆڤ، بەتایبەتیش مرۆڤی کوردستان.

هەڵبژاردن نە سیاسەتی دەسەڵاتدار دەگۆڕێ، نە ووخساریان، ئیدی دەبێ دەنگدان بۆچی بێ؟

گەر دەنگدان بێ پەڵەمانی کوردستان زیاد لە ساڵێك لەموبەر تا ئەمڕۆ هیچی بەرهەم نەهێنابێ، بۆچی هەڵبژاردنی عەراق بەرهەمی دەبێ؟

دەنگ بە پەڵەمان و حکومەت نیە، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بەرەیدبوونە بە پارتی و یەکێتی، کە زەربەی زەرتان بە زامەم و گەندەڵ لە قەڵەمیان دەدەن.

دەنگدان گروپێکی نوێی سیاسی ناهێنێتە سەر حوکم تا بە سیاسەتی هاوچەرخ و حەکیم دەسەڵاتی کوردی یەکبخەن و پەڵەمان، حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری ڕیفەرم بکەن. نەخێر، هەر ئەو شتە قسەیمان گوێ لێدەبێ کە پارتی و یەکێتی لە ١٩٩١ـەوە سەرقاڵین و خەڵکی پێ چەواشە دەکەن.

دەنگدان کەتایی بە سەرکوتکردن و تێرۆری نێیاری پارتی و یەکێتی و ڕۆژنامەنووس ناهێنێ، بەڵکو شەرعیەتیان پێدەدات لەوێ کردوویانە و لەوێش لە داهاتوودا دەیکەن.

دەنگدان هیچ کەسێك زیندوو ناکاتەوە کە بووەتە قوربانی پارتی و یەکێتی و شتی خەکوژیان.

دەنگدان کەتایی بە کاریگەری تورك و فارس لە کوردستاندا ناهێنێ، بەڵکو زیادتری دەکات.

دەنگدان میدیا ئازاد ناکات و کەتایی بە مانەپەڵی پارتی و یەکێتی بەسەر میدیادا ناهێنێ، شەرعیەتیان پێدەدات.

دەنگدان شتی پارتی و یەکێتی لە کەرکوك و ناوچەی جێناکۆکدا کەتای پێناهێنێ، و نایگەیێ بە سیاسەتێکی حەکیمانە کە مافی مرۆڤ لەو ناوچانەدا بپارێزێ، بەڵکو شەرعیەت دەدات بە بەردەوامبوونی سیاسەتی شکست.

دەنگدان شتی نەو سەرکردایەتی حزب بنەبە ناکات، بەڵکو دەسەڵات دەدات بە گروپی دەستەیشتوو بە سەرکوتکردنی زیادتر.

دەنگدان کەتایی بە قەیرانی موچە ناهێنێ، قوڵتری دەکاتەوە. شتی موچە بەبەی پشتی ستراتیجی حوکمەانی پارتی و یەکێتیە، کە هەموشمان دەزانین چارەسەری تەنیا بنەبەکردنی گەندەڵی و دامەزراندنی حکومەتی تەکنەکراتە.

دەنگدان ئابووری کوردستان نابووژێنێتەوە و لاوان ناخاتە سەرکار، ئەوەی لە پەستی گرنگدا دادەنرێ، دەبە نزیکی کەسێکی دەستەیشتووی نەو حزب خەڵ بنەماڵە بێ.

پارتی و یەکێتی کەمەکیان دامەزراند، هاوکاتبوون تێیدا بەبەهایەکی پێشکەوتن لەسەر بنەمانی توانای مرۆڤ نیە، بەڵکو لەسەر نزیکیە لە کەسکی دەستەیشتووە؛ پێشکەوتن لە پیشەدا توند گرێدراوە بە سەرشەیوە بە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی. ئەوی نابە بە گوڵایەی حزب خۆ بە نەماڵە، هەرگیز جێی لە دەسکاتی حزبدا نابێتەوە.

دەنگدان کەتایی بە داگیرکردنی موڵکی گشت ناهێنە، بەڵکو دەنگت پسوڵەی داگیرکردنی زیادترە.

ئەگەر دەنگدان پێشتر هیچی پێزەتیڤی نەهێنابێتە نەو ئیدارە و سیاسەتی کوردستانەوە، دەنگت، سەکەی گەندەڵی و سەرکوتکردن و ئازادی مرۆڤ تەسکتر دەکاتەوە.

لە ژیاندا هەموو ئازادین چیمان دەوێ، ئەوەش ئازادن، بەڵام ئەوەی لەڵای من هەناسەی ژیانە ئەمەیە: بیناکردنی مرۆڤ لەنەو کەمەکی هاوچەرخی ئازاددا کە هەموو مافمان یەکسان بە لەبەرامبەر قانون و دەستگای هاوچەرخدا.

پارتی و یەکێتی بەربەستن لەبەردەم پێشکەوتنی کوردستان و مرۆڤدا، دەنگدان هیچ ناگۆڕێ.

رێبوار یاسین فەتاح